کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 13:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەروەری یاساو... شتی تریش... ؟ ... مستەفای حەسەنە گەورە- بەشی یەکەم

حکومەتی هەرێم سەروەریتان باش.، ؟

ئەبێ یاسا سەروەر بێ، یاسا ئەبێ لە سەروی هەموو کەسێکە وە بێت،

هەڵبەتە پێشتریش لە وتارەکانی پێشووم باسم لەو ڕستەی سەرەوە کردوە، ئەمجارەیان با سەرەی یاسایەک بێ کە لە خودی پەرلەمانی کوردستانی هەڵبژیراو لەلایەن زۆرینەی خەڵک، بەڵام خۆشبەختانە من دەنگم بۆی نەداوە، نەک لەبەر ئەوەی دژی ئەم دەست کەوتوو تاقی کردنەوە تازەیەم، بەڵکووهەر لەسەرەتای 1992من پێم وانەبوو، ئەم بەرەی کوردستانیەی کە بە شەقی زەمانەو دوای دەیان شەڕی ناوخۆی، یان برا کوژی، بەسەرپەرشتی ڕاستەو خۆی جمهوری ئیسلامی ئێران، پێک هاتبێ، بتوانێ پەرلەمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت، بەتایبەتی مەسەلەی ئەو پەنجا بە پەنجایەی یەکیەتی و پارتی، دەرئەنجامەکەشی هەمووومان بینیمان، شەڕێکی ناوخۆی نەگریس تەنیا لە پێناو دەسەڵات و پاوان خوازی زیاتر

بە پێی ئامارە سەرەتاییەکانی خودی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار 8000 شەهید، هەڵبەتە ئامارەکانی تری بێ لایەنی وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی بە 14000 قوربانی لەقەڵەم ئەدرێت.

سەد شکور شەڕە خوێناویەکەی ناو خۆ کۆتایی هات، شەڕی ساردی پڕ گەندەڵی دەستی پێکرد، بەتایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، گەندەڵی سەد ئەوەندەی جاران زیادی کرد، ڕوو لە بەغدا و پشت لە کوردستان بۆ دەسەڵاتی پڕ قێزەون، بۆ داهاتی 17% ی حکومەتی فیدڕالی عێراقی هەرساتەی تەقینەوەو ئاگرو خوێن، ئەگەر پرسیارێکی بچکۆلە لە دەسەڵاتدان بکەی لەو بودجەیەی بەغدا کەوەری ئەگرن، بەویژدانتان کەزەرەیەکتان نیە.. ؟ چەندی سەرف ئەکەن بۆ میللەت، بێ گومان لە سەدا 0، 7% بۆ خەڵک نییە، بەڵام تۆ بڵێی جەماوەری بەعس بەزێن تاسەر هەر بێ دەنگ بن لەم ناعەدالەتیو گەندەڵیەی دەسەڵاتی کوردی. بێگومان ڕۆژی لێ پرسینەوە زۆر نزیک بۆتەوە، کاتی ئەوە هاتوە بڵێین ئەو هەموو سەروەتوو سامانە لەکەمترین کاتا لەکوێوە هات، نەهیچ ڕژێمێک لە بەعس دڕەندەترو نە کەسیش وەک سەدامی گۆڕ بە گۆڕ دیکتاتۆر بوو، هەمووشمان بیبیمان چارەنوسیان چۆن بوو، حەق وایە ئەم دەسەڵاتی کوردیەی حازری پەند لە ڕابوردووی پێش خۆی وەربگرێ، ئەگینا ... خراپتریان بەسەر دێ... ؟

بۆئەوەی لە ناوەرۆکی باسەکەم نەچمە دەرەوە، دێمەوە سەر پێشێل کردنی یاسا، نەگبەتیەکەش لەوە دایە نەک لێپرساوێک، نەک بەر پرسی فەرمانگەیەک، نەک هاوڵاتیەکی ئاسایی بە ڵکو کۆنە جاشێک و کۆنە بەعسی و ئەنفال چییەک، یاسا دەخاتە ژێر پێیەوەو هەڕەشە لە ئەم و ئەو تەراتێنی ئێران و توران ئەکات، لەو لاشەوە سەرۆکی هەرێم جارێک بە داگرتنی ئاڵا ڕزیوەکەی بەعس و جارێک بە هەڕەشە لە تورکیا، کوردایەتیوو نیشتیمان پەروەریمان پێ ئەفرۆشێ، نازانێ کەس بە دینارێکی چاپی تازە لێی ناکڕێ جگە لەدارو دەستەو کۆمەڵێ زورنا ژەنی کاسە لێس نە بێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئاڵا کەی بەعس کە جگە لە پەڕۆیەکی ڕزیوو هیچی تر نەبوو، یان تەسلیم کردنەوەی هەولێر لە 31ی ئاب، ئەو هەولێرەی تەحەدا ئەکەم کەتاکە پ. م پارتی فیشەکێکی بەعسەوە نەنا لە ڕۆژی ئازاد کردنی هەولێرو تا کەڵەکی یاسین ئاغاش واتە خەبات، کێ ڕزگاری ئەکات و کێ تەسلیمی ئەکاتەوە... ؟ بەپێی ئیعترافێکی عەباس بایزی کۆنە جاشیش، لەکاتی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی 1991دا خۆیی وسەرۆکی هەرێم کەئەو کاتە سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو بەیەک سەیارە داخلی کوردستان بوون، نازانم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چەند رۆژ دوای ئازاد کردنی هەولێر بووە ئەم سەفەرەیان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان. دەربارەی هەڕەشەکانی سەرۆکی هەرێم، لە تورکیا

پێش هەموو شتێ تۆ بڵێی دەسەڵاتێکی گەندەڵ، حکومەتێک نەیتوانی بێت تەنیا چوار سەعات کارەبا دابین بکا بۆ خەڵک، پەرلەمانێک بەدەیان فایل دار تێیدا باویشک بدا، سەرۆکی حزبێک تەنیا حەڤدە هەزار جەندرمەی تورکی بهێنێتە سەر سەنگەرەکانی pkk دەبێ ئەم هەڕەشەیەی چەبد بڕ بکا.

هەڵبەتە لەسەری ڕەشەوە تا هەولێریش بڕ ناکات.

تۆ لەئاڵا ڕزیوەکەی بەعس دەستت پێکردو منیش لەنامەیەکی کراوەدا بۆم نووسیت، داگرتنی ئاڵا چ قیمەتێکی هەیە لەکاتێکا دەیان کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و ئەنفال چی لەسایەی کۆشکو تەلارەکانتانا تائێستاش دیوەخانانەیان بۆ سەرف ئەکرێ. من داوای داگایی عەباس بایزم کردو ئێوە بێ بێدەنگیتان هەڵبژارد، ئێستا من نەک هەر داوای دادگایی عەباس، داوای دادگایی هەموو عەباسەکان، قاسمەکان، تەحسینەکان ... ئەکەم.

تۆ وەک سە رۆکی بەرەی کوردستانی، لەم سەرۆک جاشانە خۆشبوویت، دڵنیابە کەدوای کەمتر لەساڵێک هەموویان پەیوەندیان کردوە بە بەعس.

بەڵگەش ئەو فایلە تازەیەی 23 سەرۆک جاشیە کە بەفیتی بەعس ویستوویانە شەڕی ناوخۆ گەرم بکەن و لەلایەکی ترەوە، ئەم تاقی کردنەوە تازەیە کوردستان لەبەین بەرن، کەخۆیان سودمەنی یەکەمی بوون وەک سەردەمی بەعس.

بەپێی یاسای ژمارە 21 بۆ ساڵی 2003 کەلە بەرواری2003/9/27 کەلە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، کەچی تر کار بەمادەی 156 لە یاساکانی سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی1969 ناکرێ، لەجێگای ئەوە یاسای تازەی ژمارە 21ی سەرەوە، کەهەر کەسێک بەئەنقەست کارێکی تێکدەرانە بکات کەئاسایش وئاسودەیی و دامو دەزگای هەرێمی کوردئەستان بخاتە مەترسیەوە، ئەوا ئەم کەسە سزای بەندکردنی کاتی یا هەتاهەتایی بەسەرا ئەدرێ.

سەرۆکی بەڕێز، ئایا هەموو ئەو کۆنە جاشانە ئەم یاسایەی سەرەوە نایانگرێتەوە، کە عەباس بایزی خزمەتکارت یەکێکە لەوان و تەنانەت لە دڵسۆزی خۆی بۆ بەعس، تەنانەت پێی عەیبە داوای یارمەتی ماڵیش بکات و ئامادەیە بەبێ پارە نۆکەرایەتی بەعس بکا، دیارە ئەو کۆمەک و پارەیەی کەلەلایەن تۆو ئنتیلاعاتی ئێرانەوە وەری ئەگرێت سەرو زیادیەتی... ؟

مستەفای حەسەنە گەورە/دانمارک msto123@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.